# ئەسیرەکانی شار

**بۆ شاعیر سەعدی یوسف**



فەهد گردەوانی..سەعدی یوسف..ابواحلام1992

**گەورەم لەسەر چاوانی**
**شەفەقی تاریکاوی**
**هەڵەبجە و**
**کاولەکەی قەڵادزێ**
**بەخێر هاتی .**

**بۆ ئەو خاکەی لە زەمانی زوو**
**گەرووی بووە بە هێلانەی**
**قەل و داڵ ،**
**بووە بە کۆڕیتی**
**کوڕەکانی هیتلەر .**

**ئەرێ شیعرت پێ یە.**
**دەبگەڕێ با بزانم ،**
**لە بوخچەی ئەمجارەتا**
**کە بە سنووری خاکی بێسنوور**
**هاتیە ژوور ،**
**کامە شیعر**
**لە دەرگای خاپووری خاک**
**کە نی یانە**
**هەڵدەواسی .**
**کامە تفەنگ دەخەیتە**
**شانی هەیبەت سوڵتان و**
**سەیدسادقی دارزاو .**

دەبگێڕەوە
ئەو داستانەی
لە فەرەنسای بەڕەڵاو ،
دیمەشقی مەزارگای سەلاحەدینی ئەیوبی ،
لەگەڵ خۆتا پێچاوەتەوە.

بگێڕەوە .
ئێمە گوێ و تۆ دەنگ ،
ئێمە چاو و تۆ تابلۆ .

بگێڕەوە
با ئەو منداڵە بەستەزمانەی
هەڵەبجە ،
لە بڕی شیرناتی
بە شیعری تۆ
بحەسێتەوە .

گوڵەکانی بەسرا و
هەولێر
بە دیمەنی تۆ ببوژێتەوە .

ئەی هاوڕێ یە لاوازەکەم ،
بەقەد بەژنی سنۆبەریت و
قژی سپیت
لە بەردەمی منارە و قەڵای
شاری چوارخوا ،

گۆرانی سەرانی عەرەب و
دیموکراسیەتی جیهانی عەرەب
بە کۆرسی شەهیدانی
هەڵەبجە و ئەنفاڵەکان
دەڵێینەوە .....
دەڵێینەوە .....

1992/10/27 هەولێر۔ کوردستان

شیعری فـەهـد گـردەوانی {داستانی رووح لاپەڕە 37 ــ 42}